# دەستدرێژیی سێكسی سنووری دیاردەو قەیران دەبەزێنێت

**بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی توندوتیژی:لە پارێزگاكانی هەولێر ٧ و دهۆك ١٣ و سلێمانی ٢٥ هەروەها لەگەرمیان دوو تاوانی دەستدرێژیی سێكسی لە ماوەی سێ مانگدا ئەنجامدراوە**

**وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا: لەساڵی رابردوودا ١١٤٤١ حاڵەتی دەستدرێژیی سێكسی بۆ سەر ئافرەتان روویداوە كە بەبەراورد لەگەڵ پێشتر ٣٠٪ رێژەكەی بەرز بۆتەوە.**

دەستدرێژیی سێكسی بەرامبەر بە ئافرەتان و منداڵان بۆتە تابۆیەكی مەترسیدار و زۆر جار قوربانیانی ئەم دیاردەیە ناچارن بە درێژیی تەمەنیان ئەو نهێنییە پڕ ئازارەیان بشارنەوە. یەكێك لە كێشەكانی بەرچاویش لە ئاستی جیهانیدا ئەوەیە كە بە هۆكاری جیاواز ئاماری راستەقینەی دەستدرێژیی سێكسی بەرامبەر بە ژنان بڵاوناكەنەوە و زۆر جار رێژەی زۆر كەمتر لە رووداوەكانی دیاردەكە دەخەنەڕوو. هەروەها زۆربەی ئەو ئافرەتانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەپێی نەریتی كۆمەڵگەیەك كە تێیدا دەژین، تاوانەكە لە لای پۆلیس ئاشكرا ناكەن و زۆربەیان ناتوانن بە ئاسانی بۆ تۆماركردنی سكاڵای یاسایی پەنا بۆ دادگا ببەن. گەرچی زۆربەی وڵاتانی پێشكەوتوو دەزگا و ناوەندی تایبەتی راوێژكاری و چارەسەری دەروونییان بۆ قوربانیانی دەستدرێژی سێكسی دابین كردووە، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقیاییدا، لە لایەن حكومەتەكانەوە ئاوڕێكی ئەوتۆ لەو دۆخە نەدراوەتەوە و قوربانیانی دیاردەكەش بە هۆكارەكانی (پاراستنی ئابڕوو، راگرتنی پێگەی كۆمەڵایەتیی خێزانی، ترس لە كوشتنیان لە لایەن پیاوانی خێزانەكەیان و . هتد) ئەو تاوانەی بەرامبەریان كراوە، بە هیچ جۆرێك ئاشكرا ناكەن.




## دەستدرێژی سێکسی لە بەریتانیاو کەنەدا و ژاپۆن

بەپێی ئامارەکانی وڵاتانی کەنەدا و بەریتانیا لە هەر (٤-٥) ئافرەت بە لایەنی کەمەوە یەك کەسیان لە ژیانی خۆیدا رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبێتەوە. هەر لەو ئامارەدا هێما بۆ ئەوە کراوە کە ٥٩٪ی ژنانی ژاپۆن لەلایەن هاوکارەکانیانەوە رووبەڕووی دیاردەکە بوونەتەوە، بەداواداچوونە فەرمییەکان و ئامارەکانی دەزگاکانی حکومی ژاپۆنیش دانیان بەو رێژەیەدا ناوە. هەروەها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ساڵانە نزیکەی (٥,١) ملیۆن ژن ڕووبەڕووی توندوتیژی و دەستدرێژیی سێکسی دەبنەوە.

ڕێکخراوی جیهانی (WHO) ئاماژە بەوە دەکات کە رێژەی ئەم تاوانە بەرامبەر بە کەسانی ژێر تەمەنی یاسایی (١٨ساڵ) هەروەها کاری زۆرەملێ و توندوتیژی جەستەیی و رۆحیی منداڵان، بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.

وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا لە نوێترین ئاماری خۆیدا ئاشکرای دەکات کە رۆژانە پتر لە ٣٠ ژن لەو وڵاتەدا دەستدرێژیی سێکسییان دەکرێتەسەر، هەر بەپێی راپۆرتەکەیان لە یەك ساڵی زایینیدا (١١ هەزار و ٤٤١ ) ئەم حاڵەتە بۆ سەر ئافرەتان روویداوە کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو ٣٠٪ رێژەکەی بەرز بۆتەوە.



هەر لە وڵاتی بەریتانیا هەواڵی دەستدرێژی سێکسی پێنج قوتابی کوڕ کە تەمەنیان لە نێوان ١٣ — ١٥ ساڵاندا بووە، بۆ سەر کچێکی تەمەن ١١ ساڵانی هاوقوتابخانەی خۆیان، کە فیلمی ڤیدیۆییشیان لێ هەڵگرتبوو، ئەو وڵاتەی هەژاند. ئەو کارەساتە لە ناوچەی (کریدوون) لە ناو باخچەی قوتابخانەی (سلسدون) رووی دا، دوای بڵاوبوونەوەی فیلمەکە کا ماوەی دوو خولەك و ٢٦ چرکەیە، لە ماڵپەڕی (یوتیۆب) پولیس توانی ئەو پێنج هەرزەکارە دەستگیر بکات و ناوی کچەکەشیان بە نهێنی هێشتەوە. هاوکات بە فشار دروستکردن لەسەر ماڵپەڕەکە فیلمەکەیان سڕییەوە.

## دەسدرێژی سێکسی لە ئەفریقای باشوور و لیبیا

لە ئەفریقای باشوور دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان بە رێژەیەکی زۆر بەرزدا تۆمار کراوە و ئەوەش بە قەیرانێکی سەرەکی ئەخلاقی دادەنرێت. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ساڵانە پتر لە ٢٠ هەزار سکاڵا لەسەر ئەم تاوانە لە بنکەکانی پۆلیسی ئەو وڵاتە تۆمار دەکرێن، کە یەك لەسەر پێنجی ئەو ژمارەی تاوانە کە بەرامبەر بە منداڵانی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ دەکرێن. ئەو ئامارەش لە دەساڵی رابردوودا بەرزبوونەوەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە.

کەناڵی ئاسمانی BBC لە راپۆرتێکیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە دەساڵی رابردوودا رێژەی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان ٤٠٪ بەرزبۆتەوە. هەروەها هێما بۆ ئەوە دەکات، کچێك کە لە وڵاتی ئەفریقای باشوور لەدایك دەبێت، زیاتر لە ئەگەری چوونە بەرخوێندنی، ئەگەری ئەوە هەیە کە رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی ببێتەوە، کە زۆربەی ئەو کچانە لە توێژی هەژار و کەمداهاتی کۆمەڵگەن.

لەلایەکی دیکەوە زانکۆی وڵاتی ئەفریقای باشوور ئاشکرای کردووە کە ساڵانە پتر لە یەك ملیۆن ژن و منداڵ رووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسی دەبنەوە. لەو وڵاتەدا تەنانەت کۆرپەلە و منداڵی ژێر تەمەنی شەش ساڵانیش ڕووبەڕووی بوونەتەوە. هەر لەو وڵاتەدا ٧٠٪ی تەمەن گەورەکان و ٨٠٪ی منداڵان هەڵگری ڤایرۆسی HIV ئایدزن.

لیبیاش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لەو رووی تاوانی دەسدرێژی سێکسی شتێکی لە ئەفریقای باشوور کەمتر نییە.

کتێبخانەی ئەنجومەنی پزیشکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامارێکی بڵاو کردۆتەوە و تێیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە ساڵانە زیاتر لە ١٤٠ هەزار حاڵەتی بریندارکردنی منداڵانی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ روودەدات و لە هەر ساڵێکیشدا (٧,١) ملیۆن دەستدرێژی سێکسی لە سەرانسەری ئەو وڵاتەدا تۆمار دەکرێت.ئەنجومەنی پزیشکانی ئەمریکاش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ساڵانە زیاتر لە هەزار منداڵ بە هۆی ئەم تاوانەوە گیانیان لەدەست دەدەن. دادگاکانی ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکەن گەرچی تاوانی جۆراوجۆر لەو وڵاتە زیادی کردووە بەڵام رێژەی تاوانەکە زۆر کەم بۆتەوە.

## دەستدرێژی سێکسی لە ئوسترالیاو بەلجیکا

فەرمانگەی ئاماری ئوسترالیا لە راپرسییەکیدا کە ٦٣٠٠ ئافرەتی تەمەن ١٨ ساڵ و سەرووی ئەو تەمەنە تێیدا بەشدار بوون، دەرکەوت نزیکەی ٢٪یان رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەوە، لەو رێژەیەش تەنیا ١٥٪یان سکاڵای یاساییان لەسەر تاوانبارەکە تۆمار کردبوو

دادگاکانی وڵاتی بەلجیکا رۆژانە پتر لە ٢٠ حاڵەتی سکاڵا لەسەر ئەم بابەتە تۆمار دەکەن، ٤٥٪ی ئەو حاڵەتانە فایلەکەیان دادەخرێت و خۆیان بە شێوەی نیوە کارە وازی لێدێنن. لەو وڵاتە تەنانەت سووکایەتی و جنێودان دەچێتە خانەی توندوتیژی و سزای یاسایی هەیە.

## دەسدرێژی سێکسی لە هەرێمی کوردستان

بێگومان تاوانی دەستدرێژی سێکسی بە رێژەی جیاواز لە سەرلەبەری وڵاتانی دنیادا ئەنجام دەدرێت، هەرێمی کوردستانیش لەم ئافەتە بەدەر نییە، بەڵام خۆشبەختانە بە هۆی پابەندبوون بە نەریتی کۆنی کوردەواری و ئەخلاقیات و تایبەمەندیی کەلتووری کوردی، رێژەی ئەو دیاردەیە زۆر کەمە،. گەر سەرنجی ئاماری بەڕێوبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی توندوتیژی لە سێ مانگی (ئایارو حوزەیران و تەمووز) بدەین، کە بەم جۆرە لێرەدا ئاشکرا کراوە، دەبینین بەپێی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان رێژەی ئەو تاوانە بە بەراورد بە وڵاتانی دونیا زۆر کەمترە، ئەمەش دەقی ئامارەکەی سێ مانگی ئاماژەپێکراوە:

**لەمانگی ئایاردا (٦) کچ دەستدرێژیی سێکسی کراوەتەسەریان کە بەمشێوەیە بووە:**

هەولێر (٢)
دهۆك (٥)
سلێمانی (٩)
گەرمیان (نەبووە)

**لەمانگی حوزەیراندا (٢١) کچ دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەریان کە بەمشێوەیە بووە :**

هەولێر (٤)
دهۆك (٦)
سلێمانی (٩)
گەرمیان(٢)

**لەمانگی تەمووزدا(١٠) کچ دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەریان کە بەمشێوەیە بووە:**

هەولێر (١)
دهۆك (٢)
سلێمانی (٧)
گەرمیان(نەبووە)

بەپێی ئەم ئامارە لە پارێزگاکانی هەولێر ٧ و دهۆك ١٣ و سلێمانی ٢٥ و هەروەها لە گەرمیان دوو تاوانی دەستدرێژی سێکسی لەماوەی سێ مانگدا ئەنجام دراوە، گەرچی لە رووی ئامارەوە هەرێمی کوردستان بەردەوام بەر رەخنەی هەمەلایەنی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتووە، بەڵام چەند ساڵێکە گرنگی بەو بوارە دەدرێت و چاوەڕوانیش دەکرێ کاری جددیتری بۆ بکەن.

تێبینی: بۆ ئامارەکانی دەستدرێژی سێکسی لەو وڵاتانەی کە وەك نموونە لێرەدا ناویان هاتووە، زانیارییەکان لە١٣٤ سەرچاوە وەرگیراوە، دواسەرچاوەش ئاماری بەڕێوبەرایەتی گشتیی نەهێشتنی توندوتیژی لە هەرێمی کوردستانە کە بە هۆی زۆربوونی سەرچاوەکان لەسەر ماڵپەڕی گوڵان www.gulan-media.com دانراوە.

# لەلایەن شووبراکەیەوە ئافرەتێک دەکوژرێت

**ڕۆژی ٢٠١٢/٧/١٨ لەگەڕەکێکی شاری هەولێر ئافرەتێك بە ناوی (س ك) کە دایکی دوو منداڵ بووە، لەلایەن شووبرایەکی بەناوی (ق ع) بەدەمانچە کوژرا. گەرچی دادوەری لێکۆڵینەوە لەو تاوانە، فەرمانی دەستگیرکردنی تاوانبارەکەی دەرکردووە، بەڵام تا ئێستا بکوژەکە دەستگیرنەکراوە، لەبەر ئەوەی بەپێی زانیارییەکان بۆ دەرەوەی وڵات هەڵهاتووە.**

ئامادەکردنی: کاندێش

پاولۆ کۆیلۆ لە وتەیەکیدا سەبارەت بە خۆشەویستی دەڵێت ((تەنیا بەریەککەوتنی دوو کەسی بە ڕەگەز جیاواز نییە بەڵکو لە باوەش گرتنی ئەندامە سێکسیەکانی یەکتریشە بە خۆشەویستیەوە))، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی کۆنسەرڤاتیف و نەریت پارێزی وەك کۆمەلگەی کوردەواریدا، کاتێك هەندێك لە ژن و مێردان ئەم باوەش بە یەکداکردنەی ئەندامە سێکسیەکانی یەکتریان لێ دەبێتە ئەرکێکی پەتی خێزانداریی و وەك ماشینێك بە بێ شەوق و چێژی خۆشەویستی ڕۆحییەوە سێکس ئەنجام دەدەن، ئیتر لێرەوە هەستە ڕۆحیەکەیان بۆ یەکتر تووشی کلۆڵی دێن، هەر ئەم کلۆڵ بوونیەیە ڕەنگبێ وای لە ئافرەتێکی وەك (س ك) کربێت، لە دەرەوەی پێوەندی خێزانی بە دوای خۆشەویستی ڕۆحیدا بگەڕێت و بۆ باوەشێکی تر جەستەی ئامادە بکات، چونکە وا هەست دەکات وەك کچێك لە شووکردنیدا نیوە ونبووەکەی خۆی لەو پیاوەدا نەبینیوەتەوە کە بووەتە مێردی شەرعی خۆی، ئیتر ئەمەیە ئەو کێشەیەی کە لە زۆربەی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا بە پێوەندی ناشەرعی دەژمێردرێت، لە هەندێ کۆمەڵگەشدا سزای یاسایی بۆ دادەنرێت تا ڕێژەی فریودان و

تاوان و توندوتیژی کەوتنەوە لە ناو ئەندامانی کۆمەڵگەدا لەو ڕووەوە ڕابگرن، گەورەترین کۆسپ بۆ کیژو کوڕێکیش کە یەکتریان بکەوێتە بەردڵی یەك ئەوەیە لە ڕووی جەستەیی و ڕۆحییەوە گەشەیان نەکردبێت، خۆ ئەگەر بە تەواوی گەشەیان نەکردبێت، ڕووی هەر یەکەیان بۆ چێژوەرگرتن لەوی تر وەردەگەڕێ و ڕەنگە پێ بە پێی ئاستی خۆپەرستی و خۆویستی لایەکیان جۆرێك لە ناجێگیری دروست بێت و باڵ بکێشێت بۆ ئەوەی جۆرێك لە هەستی قەرەبوو کردنەوە لە لای کەسێکی تر بدۆزێتەوە کە ئەم بە نیوە سروشتیەکەی خۆی بیزانێت و پێویستی بە باوەش پێدا کردنی بێت، زۆربەی جاریش لەبەر ئەوەی لەم کۆمەڵگە چەپێنراوانەدا خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز بە هەموو ئامرازەکانی کە لە دەوروبەری مرۆڤدان بە ئایین و پەروەردەو ڕاگەیاندنیشەوە هەر لە منالێییەوە لە مرۆڤ حەرام دەکرێت، ئیتر بێ ویستانە ئەم هەوڵە بۆ باوەش پیاکردنی ئەو ڕەگەزەی بەرانبەر لە جیاتی خۆشەویستی ڕۆحی دەبێتە خۆشەویستیەکی جەستەیی و بیرکردنەوە لە سێکس بێ گوێدانە پرەنسیپ و بەهاکانی کە ئەو سێکسە بە پیرۆزی لە چوارچێوەی خێزان بە ڕەوا دەزانێت، واتە ڕوانگەی سۆزداری مرۆڤ دەبێتە پلە دوو لە بری ئەوەی پلە یەك بێت، لێرەوە دراما تراجیدیەکان تۆمار دەکرێن، ڕووداوە ڕاستەقینەکەی درامای ئەمجارەشمان کە لە بەرێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان لە هەولێر وەرمانگرتووە، بریتییە لە کوژرانی (س.ك) بە دەستی شووبراکەی خۆی و دواتر هەلاتنی تۆمەتبار بەرەو تورکیا، بێگومان ئەمە یەکەمین دراماو دوایەمینیش نابێت لە کۆمەڵگەیەکدا کە پڕیەتی لە شکستی خۆشەویستی نێوان ئەو ژن و مێردانەی تەنیا بۆ پڕکردنەوەو دامرکانەوەی چێژی سێکسی چوونەتە ناو قەفەزی زێڕینەوە، ئەو ژن و مێردانەی کە هەردەم سێکسیان کردۆتە خاولیەکی قورس و داویانە بە شانی خۆشەویستیدا و باری شانیان



برای کوژراوەکە:
**شووبراکەی و دوو کەسی دیکە خوشکەکەمیان کوشت**

گران کردووە، ئەو ژن و مێردانەی کە لە هەست کردن بە تەنیایی خۆیاندا ناتوانن هاوسەنگیەك لە نێوان هەستەکانی خۆیان دابنێن، لە نائاگاییدا وا دەزانن ئەو هاوسەنگیە تەنیا بە سێکس لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر پڕ دەبێتەوە، بۆیە جار هەیە لە بێزاریدا بیر لە کەسێك زیاتر دەکەنەوە بۆ پڕ کردنەوەی دەفری خاڵی خۆشەویستی خۆیان و وا دەزانن سێکس ئەو دەفرەیان بۆ پڕ دەکات لە خۆشنوودی، لە کاتێکدا کە بە هۆش دێنەوە تەماشا دەکەن هەر ڕێکنەخستنی ئەم چێژەی سێکسە ماڵوێرانیان دەکات و خوێنیان دەخاتە کاسەی کەسانێکی نەریت پارێزو خۆ بە پارێزەری ڕاستەقینە زانی شەرەف و کەرامەتەوە، لە وڵاتێکدا کە هەردەم تەنانەت لە سێکسیشدا ئافرەت ژێردەستەو پیاو باڵادەستە، هەردەم ئافرەت پێی وا بێت بە بەخشینی ئەندامانی جەستە خۆشەویستی دەست بکەوێت و پیاویش پێی وا بێت بە دەسبەسەراگرتنی ئەندامە سێکسیەکانی مێینەوە عەشقی ئافرەتەکە دەبێت، بە پێی وتەو لێدوانی شایەتحاڵەکان (س.ك) شووی بە پیاوێك کردووە کە هەم خزمی یەکتر بوون و هەم لە منالییەوە هۆگرو متوی یەکتر بوونە، کەچی ئەم لێکنزیکی و متوبوون و هۆگرییە نەیتوانیوە لە ناو سنووری هاوسەرایەتیدا گەشە بە خۆشەویستی نێوانیان بدات، مێژوویەکی پڕ لە گومان و ئاشکرا بوونی چەند پێوەندییەکی (س.ك) بە پیاوانی ترەوە تۆمار بووە لە نێوانیان جارێك پێوەندی ناشەرعی بە پیاوێکی دراوسێ و جارێك بە خزمێکی ترو جارێك بە کەسێکی غەوارەو تا وای لە مێردی س ك کردووە زوو زوو ماڵ بگوازێتەوە لەم گەڕەك بۆ ئەو گەڕەك تا چارەسەرێك بۆ ئەم کلۆڵیەی هاوسەرەکەی بدۆزێتەوە و لە پاڵ خۆیدا ئاسوودەی بکات، چ بە حوکمی هاوخوێنی خزمایەتییان و چ بە حوکمی ئەوەش لە منالیەوە س ك خۆشەویست بووە بە لای (ج)، بۆیە وای زانیوە ئەگەر زۆرترین کەڕەت ژنەکەی خۆی بە ڕووتی بخاتە پێخەفەوەو سێکسی لەگەڵ بکات ئیتر تێر سێکس دەبێت و چیتر واز لەو ڕەفتارەی دێنێت کە چاو بۆ پیاوی تر بگێڕێت، بێئاگا لەوەی کێشەی ئەم خێزانە زیاتر ڕۆحیە بووە نەك جەستەیی، ئەم کێشەیەشە وا دەکات هەموو لێکنزیکبوونەوەیەکی زیاتری

جەستەیی وای لێبکات لە ڕووی ڕۆحیەوە لە مێردەکەی دوورتری بخاتەوە، هەرچی شەوێك ئەمی بە زۆر بانگ کردبێتە ناو جێگەوە بە قەد زەڕەیەك چییە هەستی ڕۆحی لای ژنەکەی زیاد نەکردووە، بۆشاییەکەی هەر فراوانتر کردووە، وادیارە جوانی لەشو لارو ڕووخسار وەك شایەتحاڵەکان دەیڵێن و باسی لێ دەکەن کە س ك زۆر جوان بووەو لەبەرچاوانی پیاوان نێچیرێك بووە کە لە هەوڵی ڕاویدا بوون، ئەمەش جۆرێك لە هەستی خۆپەرستی لە ناخی س ك ڕواندبێت، چونکە هەرچی هاتووە قسەی باق و بریقی بۆکردووەو لە پێناوی دامرکانەوەیەکی خۆیدا و دواتر پشتی تێکردبێت، واتا هەر ئەوەندە خۆش ویسترا بێت تا پرۆسە میکانیکیەکەی سێکس کردنەکەی لەگەڵ تەواوکراوەو دواتر بە جۆرێك لە بێزلێبوونەوە لێی ڕوانرا بێت، یەکەمین کەسیش دوور نییە مێردەکەی خۆی ئەم هەستەی بەرانبەر هەبوو بێت و پێی وا بوو بێت خۆشەویستی بە واتای بە موڵکایەتی کردن و کۆیلە کردنی جەستەو ڕۆحی مەعشوقە نەك ئازادی پێ بەخشینی هەستەکانی، هەر بۆیە دوای ئەم هەموو ئاشکرابوون و تەنانەت گیرانی س ك لە لایەن پۆلیسەوە لە شوێنێکی گەشتیاری و لەگەڵ پیاوێکی غەوارەشدا ئەم هەر دەسبەرداری نەبووە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم مێردەی زۆر منەتی بە کەرامەت و کبریائی خۆی نەبووە بەڵکو وەك زیندەوەرێکی کۆیلەو موڵکێکی خۆشەویست لە ژنەکەی خۆی ڕوانیوە، یان وەك پایسکیلێك ئەگەر کەسێکیش لێی بدزێت دواتر ئەم دەتوانێت بە دەستی بێنێتەوە، بۆیە هەردەم ئەو ڕەفتارو کردەوانەی ژنەکەی فەرامۆش کردووە و پێی وابووە هەر دەتوانێت بە ناوجێی و سێکس کردنی بەردەوام لەگەڵی بە حیسابی خۆی بیخاتەوە سەر ڕێی ڕاست و خێزانەکەی لە داڕووخان دەپارێزێت، هەموو ئامانجیشی لە سێکس کردنەکانی خۆی لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا دامرکانەوەی حەزی جەستەیی خۆی بووە نەك پڕکردنەوەی هەستە ڕۆحەکییەکانی نێوان هەردووکیان، واتە ئەم ژن و مێردە وەك زۆربەی ژن و مێردەکانی تر کێشەی خۆشەویستیان لەگەڵ یەکتردا هەبووە و وایانزانیوە بە سێکس ئەو خۆشەویستیە تێر دەکرێت بێ ئاگا لەوەی برسی تری کردون و ڕۆژ دوای ڕۆژ وەك بێگانەی لێ کردون لە بەرانبەری یەکتر، تەنیا بە سێکس کردن ژن و مێرد نابنە هاوبەش و هاوڕێی یەکتر بەڵکو گرنگیدان بە هەموو هەست و ئاوات و خەونەکانی یەکترەوە، بە هەموو ئەو شت و بابەتانەی ئەگەر جیاوازیش بن تێیدا لەگەڵ یەکتر دۆخێکی وا لە نێوانیان دروست بێت ڕێز بگرن لەو جیاوازییانەی یەکتر، نەبوونی هاوڕێیەتیە لە نێوان ژن و مێردا کە ئافرەتان تووشی ساردی

هاوسەری کوژراوەکە:
**ژنەکەم هێندەی هەموو دنیا خۆشدەویست بۆیە دواکارم یاسا سزای براکەم بدات**

و پیاوان تووشی پەککەوتن و زوو فرێدان و خێرا بەتاڵ بوونەوە دەکەن، نەبوونی خۆشەویستی ڕۆحیە کە دەیانکاتە ئەو دوو ئامێرەی لە ناو جێگەدا یەکتر بگەوزێنن تەنیا بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکێکی فەرزبوو لەسەریان و بەس، گرفتی گەورەش لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا ئەوەیە پیاو هەردەم بیەوێت بەهێز بێت بەسەر ژنەکەیداو هەموو شتێکی ژنەکەی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەوەندە دەزانیت ئەم پێوەندییەی نێوانیان بووەتە پێوەندی خاوەنداری کردنی پیاو و بەشمەك بوونی ئافرەت، ئەگەر بە شمەك بوونی ئافرەت نەبێت بەلای پیاوەوە بۆچی پیاو ئامادەیە پارە بداتە ئافرەتی لەشفرۆش لە پێناوی دامرکانەوەیەکی خۆیدا لە کاتێکدا خاوێنترین و جوانترین ئافرەت ژنێتی، بۆچی بە دوای پێخەفی تردا دەگەڕێت لە کاتێکدا ئاسوودەترین پێخەف پێخەفەکەی ژن و مێردایەتییە، بۆچی ئەو وزەو توانا هزری و هەستەکی و جەستەیی و مادییەی کە لە ئافرەتی تردا ئامادەیە سەرفی بکات لە ژنەکەی خۆیدا سەرفی ناکات و وەك هاوبەشی ڕاستەقینەو خۆشەویستی خۆی ژیانێکی جوانتر بۆ خۆیان پێکناهێنێت، زۆربەی پیاوان ئەم گەمەی باڵ باڵێن و چاو چاوێنەیان پێ ئاساییەو شانازیشی پێوە دەکەن و ڕەنگە خەڵکانێك هەبن وەك پاڵەوانێك ناوزەدی بکەن و پێی بڵێن پەکو چ نێرەکەرێکە!!

لە کاتێکدا ئافرەتێك حاڵەتێکی وەك حاڵەتە لادەرەکەی پیاوی لێ ئاشکرا بێت بە قوربانی گووللەیەکی بکەن و ڕۆحی لێ زەوت بکەن، وەك چۆن س ك لە ئاکامدا بە دەستی شووبراکەی ڕۆحی لێ زەفت دەکرێت و لە خڵتانی خوێندا دەگەوزێنرێت..

ئەم دراما ڕاستەقینەیەی لەم ڕۆژانەدا لە ئافرەتێکی تردا ریسی بۆ بە خووری کرایەوە ئەوەمان پێ دەڵێت کە پێویستە ژن و مێردەکان بەرلەوەی خاوەندارێتی لەسەر یەکتر بکەن هاوڕێی خۆشەویستی یەکتر بن، دواجار وتەیەکی مایزیل هس هەیە دەڵێت تەنیا هەستی ئاسوودەییە لە نێوان دوو کەسی خۆشەویستا تینویەتی سێکس دەشکێنێت نەك سێکس کردنە پەتییەکە، گونجانی تەواویش خۆشەویستی دروستی دەکات نەك سێکس کردن..

# پیاوانی فرەئیش، ناتوانن خێزانی خۆیان رازی بکەن



**لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خواستەکانی خێزان، زۆربەی پیاوانی فەرمانبەر ناچارن جگە لەکاری فەرمیی خۆیان، کاری دیکەش بکـەن، تەنانەت هەندێك جاریش بەشـێك لەکارەکانیان بۆ ماڵەوە دەبەنەوە، ئەمەش وایکردووە لە لایەك پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان کەم ببێتەوە و لەلایەکی دیکەوەش هاوسـەرو خێزانەکەیان هەست دەکەن پشتگوێ خراون.**

### مێردەکەم لەماڵەوەش وەك شوێنی دەوامەکەی کار دەکات

«مێردەکـەم سـەرەڕای تەواوبوونـی کارەکانی لـە کۆمپانیا، زۆرجـار دوای گەڕانەوەشـی بۆ ماڵەوە، بەهەمان شـێوەی شـوێنی کارەکەی لە ماڵەوەش سـەرقاڵی کارەکانـی کۆمپانیا دەبێت، ئـەوەش وایکـردووە کەمتر بتوانین پێکەوە قسـە بکەین». ئەمە قسـەی ئاشـنا عەلی بوو، ئەو فەرمانبەرە لەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و بەپێویسـتی دەزانێت، هاوسەران زیاتر لە هەموو شتێك گرنگی بە ماڵ و منداڵیان بدەن، بۆیە دەڵێت «پیاو هەرچەندە سەرقاڵی کاروکاسبیش بن، بەڵام ئەگەر هاوسـەرێك هەسـت بەوە نەکات کە کاتێ هاتـەوە ماڵەوە بـە منداڵەکانیـەوە خەریك بێت و سۆزیان نەداتێ، ئیتر چی بۆ ژنەکەی دەمێنێتەوە، تا لەگەڵیدا دابنیشێت؟».

ئاشـنا نکۆڵی لەوە ناکات کـە دابینکردنی باری ئابووری خێزان دژوار بووە، بۆیە سەرپەرشـتیاری خێزان بەتایبەتی توێژی فەرمانبەران ناچارن کاری زیاتر بکـەن، بەڵام ئاماژە بەوەش دەکات کە نابێت کاری زۆر، لە سـۆزی خێزانی کەم بکاتەوە، ئەو نموونەی بەوە هێنایەوە کە «زۆرجار شـەوانە بێ ئەوەی دوو قسـە بکەین، دەخەوین و سبەی دیسان کار و ماندووبوونەکە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام منداڵ ئەوە نازانێت و چاوەڕوانی خۆی هەیە»، گوتیشی «هەرچەندە مێردەکەم ئـەو خۆماندووکردنەی بۆ خێزانەکەمانە، بەڵام بەڕاسـتی من حەز بەم جۆرە

**ئافرەتێک: تەنیا دابینکردنی پارەو داهاتی باش مەرج نییە، گرنگە لایەنی سۆزداریی خێزانیش لەبیر نەکرێت**

## پیاوێک: مووچەی فەرمانبەری پلە نزم کەمەو لەگەڵ خەرجیی ژیان ناگونجێت بۆیە پەنا بۆ کاری دووەمیش دەبەین

کارانە ناکەم، چونکە ئەوە ڕاستە پارەو داهاتی باشی پەیداکردووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە گرنگیی بە ئێمەش دەدات چونکە تەنیا دابینکردنی پارەو داهاتی باش مەرج نییە، بەڵکو گرنگە پیاو لایەنی سۆزداریی خێزانیشی لەبیر نەکات».

### خواستی خێزانەکان بەرز بۆتەوەو پیاو ناچارە هەوڵی زیاتر بدات

هێرۆ ئیسماعیل، خۆی فەرمانبەرەو رایوایە ژیان وای لێهاتووە کە دەبێت هاوسەران پێکەوە سەرچاوەی داهاتیان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن خواستە سەرەتاییەکانی خۆیان و خێزانەکەیان دابین بکەن، ئەو دەڵێت «خواستی خێزانەکان بەرزبۆتەوە، بۆیە بەتایبەتی پیاو ناچارە هەوڵی زیاتر بدات»، جەختی لەوەش کردەوە کە سەرقاڵی هاوسەرەکەی بە کاروکاسبییەوە کاری نەکردۆتە سەر پێوەندیەکانیان، گوتیشی «پیاوەکەم کەسێکی زۆر ماندوونەناسە، ئێواران کە دەگەڕێتەوە، من و منداڵەکان دەبات بۆ پارك و مۆڵەکان، لەوێش پێکەوە کاتێکی زۆر خۆش بەسەردەبەین و دواتر دێینەوەماڵەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم سەرقاڵیی مێردەکەم بە کاروکاسبییەوە هیچ کێشەو گیروگرفتێکی بۆ دروست نەکردووین».

### هاوسەرەکەم وەك هۆتێل سەیری ماڵەوە دەکات

سیما کەمال، لە پەیمانگەی نابینایان مامۆستایەو ئاماژە بەوە دەکات کە دوو کاری یان چەند ئیشی پیاوان جگە لە ماندووبوونی خۆیان کێشەش بۆ خێزانەکەیان دروست دەکات، پیاوێك کە بەیانی تا درەنگانی شەو لە دەرەوەی ماڵ کار بکات هیچ کاتی بۆ خێزانەکەی نامێنێت. گوتیشی «هاوسەرەکەم بەیانیان نان دەخواتو بەپەلە خۆی دەگۆڕێت و ڕاستەوخۆ دەڕوات، تاوەکو بانگی عیشا ناگەڕێتەوە، شەوانیش ئەوەندە ماندووە خەو دەیباتەوە، بەمەش بێدەنگییەکی تەواو ماڵەکە دادەپۆشێت و هیچ کاتێك بۆ گفتوگۆ کردنی نێوانمان نامێنێت، بۆیە دەکرێ بگوترێت وەك هۆتێل سەیری ماڵەوە دەکات».

حەمید مەحموود، فەرمانبەرە و ئێوارنیش دووکاندارە، ئەو یەکێکە لەو سەدان هەزار فەرمانبەرەی کە ناچارن دوو کار بکەن، هۆکاری ئەو دوو کارکردنەشی بۆ کەمیی مووچە دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت «مووچەی فەرمانبەری پلە نزم کەمەو لەگەڵ خەرجیی ژیاندا ناگونجێت. هەمیشە هاوسەرەکەشم دەیگوت مووچەت کەمەو بەشمان ناکات، لەبەر ئەوە بیرم لەوە کردەوە کە کارێکی دیکەش بکەم، ئەوە بوو دووکانێکم دانا».

### باری ئابووریی کوردستان لە گەشەکردندایەو هەلی کار زۆربووە

ئارام عەزیز، وەك پسپۆڕێکی ئابووری، هێما بۆ ئەوە دەکات کە خراپیی باری ئابووریی، خێزاندارەکانی ئەم وڵاتە ناچار دەکات کە پەنا بۆ دوو کار بەرن، گوتیشی «بێگومان کۆمەڵگەی کوردەواری لەڕووی ئابوورییەوە لە قۆناغێکی ئینتیقالیدایە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە هەتا ساڵانێك لەمەوبەر کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی جووتیاری بوو، دواتر هەنگاوی بەرەو کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی نا، وەك خۆشمان دەزانین لەدوای ساڵی ١٩٩١-ەوە کۆمەڵگەکەمان بووە کۆمەڵگەیەکی هەژار، بەهۆی ئەو ئابڵوقە ئابوورییە توندەی بەسەریدا سەپابوو، بەڵام ئێستا باری ئابووریی کوردستان لە گەشەکردندایەو هەلی کار زۆربووە».

ئەو ئابووریناسە جەختی لەوەکردەوە کە هەرێمی کوردستان بەرەو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری خۆرئاوایی هەنگاو دەنێت و چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر کراونەتەوە کە داهاتی تاکەکەسیان زۆر زیادکردووە، بەهەمان شێوە پێداویستییەکانیشیان

## ئابووریناسێک: هەرێمی کوردستان بەرەو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریی خۆرئاوایی هەنگاو دەنێت

زیادی کردووە، ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، وەك باسیکرد خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکاندا کارو چالاکی و هەلی کار زۆر زیاترە لە کۆمەڵگە سۆشیالیستییەکان، هەروەها زیادبوونی پێداویستییەکانی ژیان و هەنگاونان بەرەو خۆشگوزەرانیی ژیان کاریگەریی زۆری کردۆتە سەر گرانبوونی ژیان و گوزەرانی تاك، بۆیە زۆربەی هەرە زۆری پیاوان بۆ پەیداکردنی پێدوایستیی ژن و منداڵەکانیان پەنا بۆکارکردنی زیادە دەبەن، لە زۆربەی بارەکاندا پیاو ڕۆڵی دووکاری دەبینێت هاوکات بەپێچەوانەشەوە بەشێك لە ژنانیش پەنا بۆکاری دووەم دەبەن و دەبنە هاوکاری مێردەکانیان، ئەمە هەنگاوێکی گرنگی

## کۆمەڵناسێک: سەرقاڵبوونی باوکان و دایکان بە کاری زۆر لە دەرەوەی ماڵەوە، کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ دەبێت

## دەروونناسێک: کاری زۆری بێ پشوو پێوەندییە ڕۆحییەکان لاواز دەکات و شیرازەی خێزانیش دەخاتە مەترسییەوە

پرۆسەی ئابوورییە، ژنی فەرمانبەریش هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت پێگەیەکی ئابووری بۆخۆی دروستبکات، کاری دووەمیشی هەیە، ئەوەتا چەندان ئافرەت هەن بە ڕۆژ فەرمانبەرن و ئێواران لە مۆڵەکان کاردەکەن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئافرەتیشمان هەیە دوو پیشەی هەیە، نەك تەنیا پیاو «.

### هێنانەوەی کاری دەرەوە بۆ ناوماڵ سۆزی خێزانی کەم دەکاتەوە

لەلای خۆیانەوە توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەرقاڵبوونی باوکان و دایکان بە کاری دەرەوەی ماڵ، کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ دەبێت، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هێنانەوەی کاری دەرەوە بۆ ناو ماڵ لە لایەن پیاوانەوە، سۆزی خێزانی کەم دەکاتەوە و کێشەشیان بۆ دروستدەکات:

شۆخان کەریم، توێژەری دەروونی لەسەنتەری چارەسەری دەروونی، ئەوەی خستەڕوو کە سەرقاڵیی پیاوان بە کاری زۆر و فرە ئیشی، دەرەنجامی خراپی دەبێت و زۆرجار دەبێتە هۆی لێکپچڕاندنی پەیوەندییە ڕۆحییەکان کە بەختەوەری خێزان دەخاتە مەترسییەوە، گوتیشی «بەداخەوە وەك هەستی پێدەکەین بەهۆی سەرقاڵبوونی پیاوان بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانە تاڕادەیەك دوورکەوتنەوەیەك لەنێوان ژن و مێردەکاندا دروستبووە، جۆرە نەخوێندنەوە و لێك تێنەگەیشتنێك لەنێوان ئافرەتو پیاو هەستی پێدەکرێت، بێگومان زۆر لەپیاوان بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە کاری زۆر یان فرەکارییەوە، ژنەکانیان فەرامۆش دەکەن، بەمەش جۆرە دوورکەوتنەوەیەك لەنێوان ژن ومێردا دروست دەبێت ئەم گرفتە لە ڕووی دەروونییەوە هۆکارێکە بۆ ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەستی ژنو مێردایەتی سارد بکاتەوە، تەنانەت زۆر جار ئەگەر چارەسەری نەکەن، گرفتی دیکەش بەدوای خۆیدا دەهێنێت و کاریگەری لەسەر ئایندەی هەردووکیان دروست دەکات، تەنانەت لەهەندێك حاڵەتدا دەگاتە لێك جیابوونەوە».

بەبڕوای شۆخان بەهیچ شێوەیەك نابێت پیاوان هاوسەری خۆیان فەرامۆش بکەن، بۆیە هەر چەندەش سەرقاڵ بن بە کارەوە، پێویستە کە هاتنەوە بۆ ماڵەوە گرنگی بە سۆزی خێزانی و پەروەردەی منداڵی خۆیان بدەن، بەتایبەتی شەوان پێویستە گفتوگۆ بکەن، بۆ ئەوەی لە ناخی یەکدی بگەن.